# پوختەی ڕاپۆرتی سەرەتایی

لە ٣ی مەی ٢٠٢٤دا کۆمیساری Marie-Josée Hogue ڕاپۆرتی سەرەتایی خۆی بڵاوکردەوە. یەکەم هەنگاوی کاری دەستوەردانی دەرەکیی بینایی تەواو کرد و تیایدا کۆمیسیۆنەکە لەماوەی ٢١ ڕۆژدا پێداچوونەوەی بۆ هەزاران بەڵگەنامە کرد و دانیشتنی بۆ شایەتیوەرگرتن لە زیاتر لە ٦٠ شایەتحاڵ کرد.

ئامانجی سەرەکیی ڕاپۆرتی سەرەتایی ئەوە بوو تێگەیشتنێکی باشتر بدەن بە ڕای گشتی کە دەستوەردانی دەرەکیی چییە، بۆچی دەبێت خەممان بێت، چۆن خۆی لە دوو هەڵبژاردنی فیدراڵیی کۆتاییدا بەرجەستە کرد و حکومەت چۆن وەڵامی دایەوە.

ئەمانەی خوارەوە کورتەیەکە لەسەر کێشەی سەرەکی، ڕووداو و دەرئەنجامە دۆزراوەکان لە ڕاپۆرتە سەرەتاییەکەدا.

## دەستتێوەردانی دەرکی بریتییە...

**تازە نییە.** دەیان ساڵە جێگەی مەترسییە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی لە کەنەدا و هەموو جیهاندا. بەڵام بەگوێرەی گۆڕانکارییەکان لە جیۆپۆلەتیک و تەکنەلۆژیا لە پەرەسەندندایە.

**بەردەوام.** خاڵێکی بنەڕەتی دەستێوەردانی دەرەکی بەردەوام هەیە لە کەنەدا. ئەمە شێک نییە کە تەنها لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ڕوودبدات.

**چالاکی ژێر بە ژێر، هەڵخەڵەتێنەر یان هەڕەشەئامێزی کەسی** لەلایەن دەوڵەتێکی بێگانە، یان ئەوانەی کە بەناوی ئەوانەوە ئیش دەکەن، کە کاریگەری بەرچاو دەخەنە سەر بەرژەوەندییەکانی کەنەدا.

**هەمیشە ڕوون و ئاشکرا نییە.** بە شێوەیەکی کرداری، هێڵی نێوان کاریگەریی دەرکەیی (یاسایی) و دەستێوەردانی دەرەکی (نایاسایی) زۆر قورس دەبێت بۆ وێانکردن. هەمیشە ناوچەیەکی خۆڵەمێشی هەیە کە دەکرێت بکەرە دەرەکییەکان کەناڵە دامەزرێنراوەکان، یاساییەکان بەکاربهێنن بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە نهێنییەکان، و بەرەوپێشبرنی بەرژەوەندیی نەتەوەکەی خۆیان.

**فرەلایەن.** بکەرە دەوڵیتی و نادەوڵەتییەکان کە بەشدارن لە دەستێوەردانی دەرەکی:

- **مەودایەک تاکتیک بەکاربهێنن بۆ دەستوەردان لە دیموکراسیی کەنەدا**، وەک ئامادەسازیی بەستی پەیوەندیی ماوەدرێژ لەگەڵ ئامانجەکانیان، پاڵپشتیی دارایی، ڕەشوەپێدان، هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە، هێرشی ئەلیکترۆنی، تێکدانی هەڵمەتەکان و بەکارهێنانی بەکرێگرتە (ئەوانەی بە ڕێنمایی دەوڵەتە بیانیەکان هەڵسوکەوت دەکەن بۆ بەستنی پەیوەندی لە نێوان ئەو چالاکیانە و دەوڵەتە بیانیەکە).
- **هەر گروپێکی جیاواز بەئامانج بگرن**: کاندیدەکان و بەرپرسە هەڵبژێدراوەکان، کارمەندانی حکومی و ستافی سیاسی، دەنگدەران، گروپەکانی بەرژەوەندی (نم. ئەوانەی کاری لۆبی دەکەن، گروپە جەماوەرییەکان) و میدیا (هەردوو میدیای باو و سەرچاوە جەماوەرییەکان)
- **ڕەنگە بەرژەوەندیی جیاوازییان هەبێت لە کردنە ئامانجی ئەندامانی تاراوگە**، بەدیاریکراوی بۆ بێدەنگکردنی ناڕازییەکان، بلندکردنی پەیامی وڵاتە بیانیەکە، کۆنترۆڵکردنی ڕای گشتی و چاندنی ناتەبایی. ئەندامانی تاراوگە تووشی هەندێک لە زیانبەخشترین کاریگەرییەکانی دەستوەردانی دەرەکی دەبنەوە، بە لەخۆگرتنی هەڕەشەی سەر خێزانەکانیان لە وڵاتەکانی خۆیان.

بۆ زانیاری زیاتر:

# کاریگەرییەکانی دەستێوەردانی دەرەکی

ڕاپۆرتی سەرەتایی ڕوونە: دەستێوەردانی دەرەکی لە هەردوو کۆتا هەڵبژاردنی گشتی کەنەدادا ڕوویداوە.

لە کاتێکدا حیزبی گەلی چین ("PRC") لە ئێستادا وەک سوورترین و ئاڵۆزترین هەڕەشەی دەستوەردانی دەرەکی بەرامبەر کەنەدا دەبینرێت، ناوەندە هەواڵگرییەکان کە پشکنینیان لە لایەن کۆمیسیۆنەوە بۆ کراوە ڕووسیا، هیندستان، پاکستان، و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش وەک بکەری دەستوەردەری شیمانەیی بەرامبەر کەنەدا دەبینن.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی، کە ڕاپۆرتە سەرەتاییەکە ڕەچاوەی زنجیرە پرسیارێکی دەربارەی هەڵبژاردنە گشتییەکی٢٠١٩ و ٢٠٢١، و ئەو کاریگەرییانەی کە دەستێوەردانی دەرەکی هەیبووە لەسەریان کردووە. ئەو پرسیارانە و دۆزینەوەکانی کۆمیشیۆنەرەکە بۆ ئەمانەی خوارەوە کورتکراوەتەوە.

### ئایا دەستوەردانی دەرەکی شەفافیەتی سیستمی هەڵبژاردن لەرزۆک دەکات؟

نەخێر. هەردوو هەڵبژاردنەکە بە شەفافی بەڕێوە چوو لە هەردوو ئاستەکانی دائیرەی هەڵبژاردنی نیشتیمانی و تاکەکەسی ووردەکارییەکان لەسەر ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆن و چۆنێتی ڕێکخستنی کارەکانیان هیچ بەڵگەیەکی پێچەوانەی ئەوە نییە.

---

### ئایا دەستێوەردانی دەرەکی کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی کە چ حیزبێک دەسەڵات بگرێتە دەست لە ٢٠١٩ و ٢٠٢١؟

نەخێر، کاریگەری نەبووە. حیزبی لیبراڵەکان لە حکومەتدا دەبوون بە دەستێوەردانی دەرەکیی و وە بەبێ دەستێوەردانی دەرەکیش لە ٢٠١٩ و ٢٠٢١دا.

---

### ئایا دەستێوەردانی دەرەکی کاریگەری هەبووە لەسەر دەرئەنجامەکان لە دائیرەی دەنگداندا؟

دەکرێت لە هەندێک دائیرەی دەنگدانی بچووکدا کاریگەری هەبووبەت سەر دەرئەنجامەکان، بەڵام ناتوانرێت ئەمە بە دڵنیاییەوە بوترێت. لەو دائیرەی دەنگدانەدا، دەستێوەردانە دەرەکییەکان دەکرێت بۆ ئەندامە هەڵبژێردراوەکان و بانگەشی هەڵبژاردنەکەش هەردووکیان کاریگەری هەبووبێت، وەکاریکاتە سەر ئەوەی کێ هەڵبژێردراوە بۆ پەرلەمان و وە چ حیزبێک کورسییەکەی بردووەتەوە.

---

### ئایا دەستێوەردانە دەرەکییەکان کاریگەری دەکەنە سەر ئیکۆسیستەمێکی بەرفراونتری هەڵبژاردن؟

کردوویەتی. بەبێ ڕەچاوکردنی کاریگەرییەکە لەسەر ئەنجامە دیاریکراوەکانی هەڵبژاردن، ئەو ڕووداوانەی لە ڕاپۆرتی سەرەتایی ناویان هاتووە بەئەگەری زۆرەوە توانای هەندێک دەنگدەری کەم کردەوە کە دەنگێکی ئازادانە بدەن، بۆیە پرۆسەکەی لکەدار کرد ئەم کاریگەرییە ئێستا بەشێوەیەکی کەم دەردەکەوێت بەڵام لە داهاتوودا زۆر مەترسیدارتر دەبێت.

---

### ئایا دەستوەردانی دەرەکی متمانەی خەڵک بە دیموکراسیی کەنەدا لەرزۆک دەکات؟

بەداخەوە، کردوویەتی. لەرزۆککردنی پروا بە دیموکراسی و حکومەت ئامانجی سەرەکیی زۆربەی ئەو دەوڵەتانەیە لە دەستوەردانی دەرەکی تێوەدەگلێن لەوانەیە ئەمە گەرەترین زیانبێت کە کەندا بە هۆی دەستێوەردانی دەرەکییەوە بیچێژێت.

---

**ئایا دەستێوەردانی دەرەکیی کاریگەری لە سەر یەکسانیی هەمووکەس هەبووە؟**

کاریگەری نەبووە. لەکاتێکدا هەموو کەنەدییەکان قوربانی دەستێوەردانی دەرەکین، واتا و میسۆدەکانی دەستێوەردانی دەرەکی بە ڕێگای جیاواز زیان بە ڕەوەندی کۆمەڵگا لە کەنەدا دەگەیەنێت. ئەزموونەکانیان نابێت پشتگوێبخرێت، و پێویستە هۆشداری تایبەتیان پێبدرێت.

---

بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم دەرئەنجامانە، تەماشای *چاپتەری ٨- هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکان بکە.*

## زانیاری زیاتر دەدۆزیتەوە بە گەڕان بە ناو ڕاپۆرتە سەرەتاییەکەدا

| | |
|---|---|
| *(گوڵبژێرەکانیی) ڕاپۆرتەکە دەرئەنجامەسەرەکییەکان لە ڕاپۆرتی سەرەتایی پوخت دەکەنەوە لە ١٥ پەڕەدا* | *خشتەی ناوەڕۆکەکان پێداچونەوەیەکی تەواو بۆ ڕاپۆرتە سەرەتاییەکە دەدات.* |

پێداچوونەوەیەکی زەمەنیی ئەو ڕووداوانەی بوونە هۆی دروستبوونی کۆمیسیۆن.

→ *چاپتەری ١ – چۆن کۆمیسیۆنی دەستێوەردانی دەرەکی لەدایکبوو؟*

---

ووردەکارییەکان لەسەر ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆن و چۆنێتی ڕێکخستنی کارەکانیان

→ *چاپتەری ٢ – مەودای ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆن*

→ *پاشکۆی C – کارپێکردن و ڕێکخراو کارەکانی کۆمیسیۆن*

---

ئەو ڕیسا و چەمکانەی پەیوەندییان بە هەواڵگری و زانیاریی نهێنی هەیە، و ئەو ڕێبازەی لە لایەن کۆمیسیۆنەوە گیراوەتەبەر بۆ هاوسەنگکردنی شەفافیەت و بەرژەوەندییە جیاوازییەکانی ئاسایش.

→ *چاپتەری ٣ – نهێنیپارێزیی شەفافیەت و ئاسایشی نیشتیمانی*

---

وەسفکردنی ئاژانسە هەواڵگرییەکان و دامەزراوە فیدراڵی و پرۆسەکانی دیکە کە وەڵامدانەوەی دەستوەردانی دەرەکین، و چۆن زانیاریی لە ناو حکومەتدا دەگوازرێتەوە.

→ *چاپتەری ٥ - چۆن کەنەدا وەڵامی دەیێت بۆ دەستێوەردانی دەرەکی؟*

---

تۆمەتە دیاریکراوەکان بۆ دەستێوەردانی دەرەکی لە هەڵبژاردنی گشتییەکانی ٢٠١٩ دا، و وەڵامدانەوەی حکومەت→ *چاپتەری ٦ - هەڵبژاردنی گشتی ٢٠١٩.*

بۆ نموونە:

- ناڕێکیەیەکان لە ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی حیزبی لیبڕال لە باکوری دۆن ڤێلا (Ontario).
- چالاکییەکانی دەستێوەردانی PRC لە ڤانکوڤەری گەورە.
- تۆمەتی ٢٥٠ هەزار دۆلاری پاڵپشتیی دارایی بۆ گروپێکی ناسراو و گومانلێکراوی پەیوەندیدار بە RPC کە بکەری هەرەشەن لە کەنەدا.
- هەوڵەکانی حکومەتی پاکستان لە کەنەدا بۆ دانانی کاریگەرییەکی ژێربەژێر لەسەر سیاسەتی فیدراڵیی کەنەدا.
- بابەتە نەرێنییەکان دەربارەی سەرۆک وەزیران لە وێبسایتێک بە ناوەی *Buffalo Chronicle*.

---

تۆمەتە دیاریکراوەکان بۆ دەستێوەردانی دەرەکی لە هەڵبژاردنە گشتییەکان ٢٠٢١دا، و وەڵامدانەوەی حکومەت→ *چاپتەری ٧ - هەڵبژاردنی گشتی ٢٠٢١.*

بۆ نمونە:

- زانیاریی هەڵە کە حزبی پارێزگارانی بەئەنجام گرت لە پلاتفۆرمی سیاسیی کەنەدا، بەدیاریکراوی سەرکردەکەی، Erin O'Toole، و کاندیدەکەی، Kenny Chiu لە–Steveston Richmond East (بریتش کۆڵۆمبیا).
- گومانکردن لە چالاکی دەستێوەردانی دەرەکی لە ناوچەی ڤانکۆڤەری گەورە و بە ئامانج گرتنی ئەندامپەرلەمانێکی حیزبی دیموکراسی نوێ بەناوی،جینی کوان و کاندیدەکانی دیکە.
- هاوکاری دارای شاروەی ژێر بە ژێر لە لایەن حکومەتی هندستانەوە.
- گومانکردن لە چالاکی بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە لە لایەن ڕوسیاوە.

---

## قۆناغی دووەمی کارەکانی کۆمیسیۆن و ڕاوێژکاری گشتی

کاری کۆمیسیۆن هێشتا زۆری ماوە تەواو ببێت و ئێستا قۆناغی دووەم بەردەوامە.

لەم قۆناغەدا، کۆمیسیۆن پشکنین بۆ تواناى چەند بکەرێکی دەوڵەتیی جیاواز دەکات و دۆزینەوە، لادان و بەگژداچوونەوەی دەستەردانی دەرەکی پرۆسێس دەکات، و ڕاسپاردە لەسەر بەهێزکردنی ئەم توانایە دەخاتەڕوو.

کۆمیسیۆن ئەمانە و شتی دیکەیش دەکات:

- سەیری ئەوە دەکات چۆن هەواڵگری و زانیاریی دەربارەی دەرستوەردانی دەرەکی دەبێت بگەیەنرێت بە حکومەت، ڕای گشتی و ئەوانەی دۆخیان بەرامبەر دەستوەردانی دەرەکی ناسکە و ئایا پێویستە ئاژانسە هەواڵگرییەکانمان زانیاریی زیاتر هاوبەش بکەن یان نا.

- ڕەچاوکردنی مەودای ئەو کێشانەی کە دەکرێت ئاستەنگبن لە بەرامبەر وەڵامدانەوەی زانیاریی هەڵە و چاواشکاری ئۆنلاین.

- پشکنین بۆ یاسا، یان نەبوونی ئەو یاسایانەی حوکمی پێشپرکێی بەربژێرکردن دەکەن. لە قۆناغی یەکەمدا ئەوە نیشاندراوە کە ئەم پێشپرکێیانە بەشێوەیکی گشتی لاوازن بەرامبەر دەستێوەردانی دەرەکی.

### ڕاوێژکاری گشتی

دەستوەردانی دەرەکی بەئەگەری زۆرەوە زیاتر دەبێت و دەرئەنجامێکی نەرێنی لەسەر دیموکراسیەکەمان دەبێت، ئەگەر ئەوەی ڕێوشوێنی زۆر توند بگرینەبەر بۆ دۆزینەوە و بەگژداچوونەوەی. دەبێت هانی ئەوە بدرێت، و کاریگەرییەکانی سووک بکرێن بۆ پاراستنی دیموکراسییەکەمان و هەموو کەنەدییەکان.

هەر لەبەر ئەوەشە کۆمیسیۆن پرۆسەی ڕاوێژکاری گشتی ڕێکخستووە هەمووو ئەندامە گشتییەکان، و بەتایبەت ئەوانەی کە ئەندامی تاراوگەن، بانگێشتکراون بۆ ئەوەی ئەزموون و بیرۆکەی خۆیان دەربارەی کێشەکانی دەستێوەردانی دەرەکی لە دامەزراوە دیموکراسەکەماندا هاوبەشی پێبکەن.

زانیاری زیاتر دەربارەی پرۆسەی ڕوێژکاری گشتی کۆمیسیۆن دەتوانی لێرە بدۆزیتەوە: *https://foreigninterferencecommission.ca/public-consultation*

کۆمیساری هۆگ پلانی ئەوەی هەیە کە ڕاپۆرتی کۆتایی لە دیسەمبەری ٢٠٢٤دا بڵاوبکاتەوە.